# گرفت و گێژاوی سیاسی و پچڕانی شیرازەی یەکێتی عێراق و پێشهاتەکانی دوای لەسێدارەدانی سەدام

هەورامان علی تۆفیق
Berzi-san@web.de



تەمەنی دیکتاتۆرێک کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەک لە تاکرەوی و زوڵم و زۆر و ستەم و خۆداسەپاندن و بەهەڵدێرابردنی  سەرجەم گەلانی عێراق .
ئەگەر لە ورد بوونەوەیەکی زۆر کورت و خێرادا سەیری ئەو نەهامەتیانەی کە عێراق لە  پێش فەرمانڕەوایەتی بەعسیەکانەوە بەسەریدا هات و ئەوەی کە بەسەر کورد دا دەسەپێنرا و مامەڵەی لەگەڵ دەکرا هیچ نەتەوەیەکی تر لەعێراقدا بەسەریدا نەهاتووە , پێویست بەوەناکات لێرەدا جارێکی تر ئەو نەهامەتیانەدووبارە بکەینەوە چوونکە لای هەمووومان دیارن و زۆر جار باسیان لێوە کراوە , بەڵام گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەمڕۆی کورد بەکوێ دەگات و پێگەی نەتەوەییمان لەکوێدا خۆیی جێگیر دەکات .. ؟
باس لەوە کراوە سیاسەتی کورد و ئەو مەیدانەی کە خەباتی تێدا دەکات گەلێک لە ڕۆژگاری شاخ و دوای ڕاپەڕین و شەڕی ناوخۆی کوردی جیاوازترە و هەنوکە سیاسەتی وولاتێک یاندەی نەتەوەیەک لە چەند ووشەیەکی ڕاست و درووستەوە بەدیار دەکەون , لەهەنگاوێکی ژیرانەو وردبینانەوە پاشەڕۆژ دیاری دەکرێت . کاتێک کورد هەست دەکات سەرکردایەتی سیاسی لەئاستی پێویست دایەو جێگای ئومێدو هیوایە ئەو کات وورەو بڕوا بەهێز دەبن , بەڵام کاتێک دا لە هەڵەیەکەوە بۆ هەڵەیەک یان بێدەنگی و خۆشاردنەوە لەڕاستیەکان هەمیشە دەبنە جێگای نائومێدی و بڕوانەبوون .. لێرەدا هەمیشە گرنگترین خاڵ بۆ دروست بوونی پەیوەندیەکی توند و تۆڵ لەنێوان جەماوەرو سەرکردایەتی بڕوا بەیەک بوونە , لەم خاڵەوە دەتوانین بدوێن و هەڵسەنگاندنی سیاسی و ڕەوتی عێراق و ئێستای کورد لەم گۆڕانکاریە بەپەلەو خێرایانەدا کە ڕۆژلەدوای ڕۆژ دەرکی بەرەو خراپ بوون و زیاتر شێواندنی دۆخان دەچین بەو ڕادەی کە ئومێکی ئایندەیەکی ڕەش و ترسناک بەدی دەکرێت .. ئالێرەوە خاڵی هێوربوونەوە دەست پێدەکات و ئەو بڕوابوونە بەسەرکردایەتی سیاسی کوردی دروست دەبێتەو ئەگەر لەم گێژاوە سیاسیە تەمومژاوویە ترسناکە کورد بەرەو گەناری ئارامی بەرن . ڕەنگە عێراق دوای پرۆسەی ئازادی و هەموو ئەو قۆناغانەی کە پێیدا تێپەڕی بەلایەنی باش و خراپەوە بەڕاست و هەڵەوە هەندێک هەنگاو بەرەو پێشەوە نرا بەڵام ئەو وێستگە کۆتاییەی کە چاوەڕوانمانە و نازاین لە تێشووی دا چی هەیە و چیشی بۆ ئامادەکردووین و بێ خەمی سیایەتمەدارانی کوردی و کەسایەتی کودیش لەو بێخەمیە بەشدارە چوونکە هەمیشە هەستمان بەپێشهاتەکان نەکردووە تا ڕوداوەکان خۆیانیان بەسەرماندا سەپاندەوەو بەبێ ئەوەی ئامادەکاری بۆکرابێ  و نمونەش زۆرن . بۆیە ئەم گۆڕانکاریانەی ئێستای عێراق پێویستیان بەوە هەیە سەرکردایەتی کوردی لەگەڵ بێدەنگ بوونی هەڵوێستی دا خۆئامادەکاری بۆ هەر ڕووداوێک و هەر تەقینەوەیەک کەلەئان و ساتدایەئامادەبین  تا دووبارە ئەو هەلەش لەدەستی خۆمان نەدەینەوە . گرفتی نێوان شیعەو سوونە لەو چوارچێوە داپۆشراوە و سیناریۆکراوەی کە پیشان دەدرێ دەرچووە و قین و تۆڵەسەندنەوە و شەڕی یەکتر لە گرسەندندایەو هەردوو خۆیانی بۆ ئامادەکەن , چونکە لەسێدارەدانی سەدامی دیکتاتۆر کە کورد لەو خۆشیە بێبەری کراو ئەوەی خواستی کورد بوو جارێکی تر بەدەستی شیعە نرایە چاڵ و ئەوەی خواستی خۆیان بوو بەدەستیان هێنا بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو دۆستایەتیەی کە لەسەرەتایی پرۆسەی ئازادی عێراقەوەدەستی پێکردووەو هاوپەیمانیەتی لەگەڵیان هەیەو بەدۆستێکی ستراتیجی خۆیانی دەزانێ بەڵام ئەوان خواست و تۆڵەسەندنەوەی خۆیان وسەرکردە کانی وەک موقتەداو حەکیم و ئەوانی تریان زۆر لە کورد بەلاوە گرنگ

تربوو . لەم گرفتەدا سەرکردایەتی کورد بەتایبەت ئەوانەی کە لە بەغدا کاردەکەن بەپێ ئەو هەواڵانەی کە بڵاوکرانەوە زۆر جیاوازی بەدی دەکرا لەبێ ئاگابوون و بەئاگابوونیان و بێدەنگی وای کردووە کە ترس لەشێوەی بەئەنجام گەیاندنی ئەو هەنگاوانە دروست دەکات و چەندین نیشانەی پرسیار دێنە ئاراوە ..؟؟؟؟

بەشێوەیەکی گشتی ڕای جەماوەر و ئەوانەی کە هەست دەکەن بەو شێوەی کە سەدام لەسێدارەدرا هێچ بەرژەوەندی کوردی پێوە نەبوو بەڵکو پەرژەوەندیەکانیش پێشێل کران و ئەو هەنگاوەش هێندە بەساویلکانەوە و بێپلان کرا کە سەدامیان لە دیکتاتۆرو خوێن ڕژو چەوسێنەرەوە کردە سەرکردەوە شەهید و پێشەوای عەرەب لە هەموو دنیای عەرەبی , وەک ووتم ئەمە یان لەبێئاگای و نەفامیەوە بوو یان کارێکی دەست ئەنقەست و مەبەست بەدواوەیە کە برۆسەی ئاشتبونەوەی گشتی و هێمنی و ئارامی و بەرقەراربوونی ئاسایش پەکیان بکەوێ و ئەوەی کە ویست بێت شەڕێکی خۆکوژی لەنێو گەلانی عێراق دا بەرپابکرێت , ئەمەش زەنگێکی ترسناکە و لەگەڵ ئەوەشدا کەهەندێک هەن بیرلەوەدەکەنەوە لەهەلومەرجێکی لەم شێوەدا دەوڵەتی کوردی ڕادەگەێنرێ و کورد دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ , کێ هەیە خەون بەورۆژەوە نەبینێ بەڵام لەشێوە ئاگرێکی وادا مەحاڵە دەوڵەتی کوردی و بەرقەراری و ئاسایش , چونکە هەڵوێستی عەرەبی و دراوسێکانی عێراق و بەتایبەت ئەوانەی لەچوار دەوری کورد گەورەترین گرفت بۆ کورد دروست دەکەن و لەو گێژەلۆکەدا ئەوەی دەیانەوێ بەئەنجامی دەگەێنن ..

کۆبوونەوەی کۆیی هەموو ئەو گرفتانەی دوای پڕۆسەی ئازادی عێراق و گەیشتنیان بەو خاڵەی کە سەدام بەوشێوەیە لەسێدارەدرا , ئەمە وای کرد کە ڕای گشتی عەرەبی چ دەوڵەتی یان جەماوەری , بەشێوەیەکی گشتی ئەو هەڵوێستەیان وەرگرت کە دژ بەو کارەبوون , ئەوەش چەند هۆیەکی هەبوو , لەوانە ... شێوەی دادگای کردنەکە و بەڕێوەچوونی ... پەلەکردن لەسێدارەدانی ... لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی سوونە .. تەنهابە بڕیاری شیعەو بەئەنجام گەیاندنی لەلایەن ئەوانەوە ... لەبری کەس 148 کەسی حزبی دەعوە ئەو سزایە دراو گەورەترین تاوانەکانی ئەو دیکتاتۆرە بەرامبەر بەنەتەوەی کورد لەبیرکران ... وێنەگرتنی ڤیدیۆیی بەئەنجام دانی لەسێدارەدانەکە ... ووتنی چەند دروشم کە پەیوەستن بەشیعەوە و دەبنە هۆیەک بۆ تووڕەبوونی سوونە ... ئەوەی باس دەکرێ کەگوایە موقتەدا یەکێک بووە لەوانەی کەپەتیان لەسەری سەدام ناوە .... فرۆشتنی ئەو دوو دەقەو نیوە وێنە ڤیدیۆیە بە 20 هەزار دۆلار بۆ بڵاوکردنەوەی لەلایەن گەورەبەرپرسانی حکومەی عێراقیەوە ... دەستەی سەرۆکایەتی عێراق و خۆدزینەوەی لەهەموو بەرپرسیاریەتیەک دەربارەی ئەو مەسەلەیە .. و زۆر لایەنی دی بوونە هۆیەک ئەو ڕا پێچەوانیە دروست بکەن و دەوڵەتانی عەرەبی وە لیبیا و جەزائیرو تونس و سووریا و فەلەستین و هەندێکی تریش بەشێوەی فەرمی ناڕەزایی خۆیان نیشان بدەن و پرسەی فەرمی بۆ ڕابگەێنن و ڕای جەماوەریش بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی عەرەبی گرتەوە و بەئاشکرا بە سەرکردەی نەتەوەی و شەهید و قارەمان ناوی دەبەن و کۆڕو سیمینارو پرسەی بۆ رشێک دەخرێ و لەهەمان کات حزبەی کە دەکاتە حزبی بەعسی عەرەبی دەستی داوەتەوە خۆڕێکخستن و دروست کردنەوەی هێزەکانی کە لەعێراق لەڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە دەیان بینین ئەمەش هەنگاوێکی ترسناکە بۆ ئایندەی عێراق لەگەڵ ئەوەی ئەم شێوە هەنگاوانە ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی کە خۆیان بەدۆستی ئێستای دەوڵەتی عێراقی دەزانن هاوکاریان دەکەن لەوانە سعودیە و سوریاو ئوردون , بەفەرمی بارەگاکانی حزبی بەعس لەو وڵاتانەدا بوونیان هەیە و کارو چالاکی سیاسی خۆیان دەکەن و لەوێوە سەرکردایەتی رشێکخستنەکانی خۆیان دەکەن , سەرەڕای ئەو چالاکیانەی کە هەینە لەناوەڕاستی عێراق دا بەبێ ئەوەی حکومەتی عێراقی بتوانێ هیچ هەنگاوێکی ئیجابی بۆ لەناوبردنیان بنێ چونکە ئەوان بەکاری ترەوە خەریکن . لەلایەکی ترەوە ئەو سوونانەی کە لەنێو پڕۆسەی سیاسی عێراق دان لە هەڵبژاردنەکاندا بەژداریان کردووە و لەپەرلەمانی عێراقی بوونیان هەیە ئەوانیش ئەمڕۆ بوونەتە لایەن گرێکی بەعسیەکان و سەدامیان کردۆتە سەرکردیەکی نەتەوەیی بۆ عەرەب و شانازی پێوەدەکەن و خەریکە

خۆیان لەژێر ئەو ئالآیەدا کۆبکەنەوە و بەئاشکراش بانگەوازی بۆ دەکەن بەبێ ئەوەی کەس ئاگای لێیان بێت .
کەواتە لە دەرگای گرفت و کێشەکانەوە دەڕوانینە ئاستی سیاسی و ئەو پێگەیە کە تاچەند دەتوانین خواستە نەتەوەییەکانمان بەدی بێنین ..؟ تاچەند ئەوەی کە کەسایەتی کورد دەیەوێ ئەوەی کە پێویستە بۆ نەتەوەی کورد بکرێت .. ؟ لەکاتێک دا کە عەرەبی سوونە وولآتانی عەرەبی بەپشتیانن و لەوانە لەژێرە ئەمریکاش یارمەتیان بدات ئەگەر بەرژەوەندیەکانی پێچەوانەبوونەوە , لەلایەکی تریش شیعەکان کە ئێران یەکەم پالپشتیانەوەو هەموو هاوکارێکیان دەکات و ئەو ترس و حسابەش کە بۆ شیعەی عەرەبی لەعێراق دەکرێت بەبۆنەی ئێرانەوەیە ,, ئەی کورد کوردی نەگبەت تۆ کێ پشتگیرتە ..؟ نەعەرەب و نەئێران و نەتورک و نەئەمریکاو نەدەوڵەتانی ئەوروپی و نەخێرخوایەک بەدەنگ و هانامانەوە نایەک تەنها خۆمان نەبین و کەسایەتی کورد و ئەو ڕۆڵە خوێنگەرموو شۆڕگێرانەی کە هەمیشە لە هەموو مەینەتیەکاندا یەک دەست و یەک ڕاو بۆچون و ئامانج بوون , لێرەدا پێویستە کەسایەتی کورد هەموو فکرو بۆچون و حزبایەتیەک وەلانێ ئەوەی پێویستە خۆمانی پێ گۆش بکەین کوردایەتی و بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کوردەو بەس تا بتوانین لە گێژاوێکی سیاسی لەم شێوە ئالۆزی عێراق خۆمان زگاربکەین و ئەوەی دەشمانەوێ بەدەستی بێنین تابتوانین نیشتمانێکی کوردی ئازادو ئاسوودە دروست بکەین .